# بەلاڕێدا بردنی کورد
# لەبەرژەوەندی کێدایە ؟

## بەشی یەکەم
## ڕەگ و ڕیشەو ڕەچەڵەکی نەتەوەکان و کورد بە تایبەت

بێگومان قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا محمدی کوڕی عبداللە (ﷺ) ڕاسترین سەرچاوەکانی مێژوویی نەتەوەکان و ئایینەکانی ئاسمانین .لەبەر ئەوە لادان و ستەمە تاقورئان و سوننەتی ڕاست و درووست لەبەردەستدابن پەنا ببرێت بۆ هەر کتێب و نوسین و سەرچاوەیەکی دیکە مەگەر بۆ ڕاڤە کردن و ڕوونکردنەوەیان نەبێ ئەویش بەگوێرەی تێگەیشتن و زانستی زانایان و پێشەوایانی پێشین و ئەهلی سوننەت و جەماعەت. ئەوەی باوەڕی بەقورئان و سوننەتی ڕاست و درووستی دوایین پێغەمبەر محمدی کوڕی عبداللە (ﷺ) ببێت و ئاگادار بێت لەدەقەکانی قورئان و سوننەت چاك ئەوە دەزانێت کەرەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی نەتەوەکان هەموویان دەگێڕێتەوە بۆ سەر نێر و مێیەك (ئادەم و حەوا ) وەك ئەوەی خوای بەرز و باڵا لەسورەتی (الحجرات: ١٣) دا دەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾، وەلەسورەتی (النساء:١)یشدا ،حەوا دایکی بەشەر دەباتەوە سەر ئادەم باوکی بەشەر و دەفەرموێ :﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ﴾, واتە: ئەی خەڵکینە لەخواوەندتان پارێز بکەن ئەوەی درووستتانی کردووە لەیەك نەفس , وەلەو نەفسەش هاوسەرەکەی درووست کردووە, وەلەوانیشەوە پیاوانێکی زۆر و ژنانێکی (زۆری ) بڵاو کردووەتەوە... هتد . مەبەست بەفەرمایشتی :﴿ من نفس واحدة﴾ لەئایەتەکەدا ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێت ،وەمەبەستیش بەفەرمایشی: ﴿زوجها﴾ تێـیدا حەوایە سەلامی خوای لەسەر بێت . پێغەمبەری خودا و سەرداری نەوەکانی ئادەمیش لەفەرموودەیەکی درووستی خۆیدا فەرموویەتی : ( كلكم بنوا آدم وآدم خلق من تراب . . .) واتە: هەمووتان نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لەگڵە . . . هتد. ئەمە جگە لەدەقگەلێکی دیکە لەقورئان و سوننەتی ڕاست و درووست تەئکید لەسەر ئەوڕاستییە دەکەنەوە و هەموو نەتەوەکان و مرۆڤەکان دەبەنەوە سەر ئادەم و حەوا و ڕاستێتی ئەوە دەسەلمێنن.هەربۆیە هەندێك جار خودا بەفەرمایشتی :﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ، وهەندێك جار بە فەرمایشتی :﴿يابني آدم﴾ ،و هەندێك جار بەفەرمایشتی :﴿ يَا أَيُّهَا الانسان ﴾ بانگهێشتیان دەکات و دەیاندوێنێت . هەروەك فەرمانیشی بەپێغەمبەرەکەی کردووە کەئەوکات هەر لە مەککەدابوو بڵێ : ﴿يا

أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً﴾ .وەلەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئاییینەکانی ئاسمانی و هەموو پێغەمبەرانی خودا سەلامیان لەسەر بێت و نەتەوەکانیان کۆدەنگییان لەسەر ئەوە کردووەکە هەموو نەتەوەکان و مرۆڤەکان نەوەی ئادەم و ئادەمزاد بوون .شایەنی باسە نەتەوە و مرۆڤی کوردیش نەوەی ئادەم و ئادەمزادە. کەوابوو حەق وایە ئێمەش وەك نەتەوەیەك ئەوە بزانین کەنەوەی ئادەمین و ئادەمزادین , وەهیچ گومانێکمان لەوەدا نەبێ ،بەڵام لەدوای (نوح) و کوڕەکانی و ڕزگار بووانی ناو کەشتیەکەوە و دواتریش ڕاو بۆچوونی جیاواز زۆر دەبێت لەمێژووی ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی گەلەکان و نەتەوەکاندا بەگەل و نەتەوەی کوردیشەوە، وە ڕاستیەکەشی هەر خوا دەیزانێ . هەربۆیە دەبینین هەندێك نوسەر و مێژوونوس لەعەرەبەکان و فارسەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان و هی دیکە ڕاو بۆچوونی جیا جیا یان هەیە لەڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی گەلان و نەتەوەکاندا. لەبەر ئەوە دەبینین هەندێك ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد دەبەنەوە سەر عەرەب و هەندێك سەر فارس و هەندێك سەر تورك و هەندێك سەر مادەکان و ڕەگەزی ئاری و گەلانی هیندۆ ئەورووپی و ..هتد. وەلەناو کوردیشدا هەمان ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە ، بۆیە دەبینین هەندێکیش لەنووسەران و مێژوونوسانی کورد بەشوێنکەوتنی فارسەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەوانی دیکە نەتەوەی کورد بەنەوەی مادەکان لەقەڵەم دەدەن و دەیبەنەوە سەر ڕەگەزی ئاری وگەلانی هیندۆ ئەورووپی . وەهەندێك لەپاشاکانی وەك ( نەمروود ) و (جەمشید) و ( کەیخەسرە و) و ( ئەردەشێر بابك ) و هە ندێکی دیکەشیان کردوون بەکورد ! بەتایبەت (ئەردە شێر بابك) دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیەکان و بنەماڵەی ساسانیەکانیشیان کردووە بەکورد ! وەدەڵێن ساسانیەکان کورد بوون و ئیسلام بەسوپاکەیەوە هاتووە دەوڵەتەکەیانی ڕووخاندووە و ئاوێستاو هەرچی کتێبی پیرۆز هەیە ئاگریان تێبەرداوە و زۆرێك لەژن و منداڵ و ماڵی کوردانیان بەتاڵان و ئەنفال بردووە ! یان دەڵێن ئیسلامیان بەزۆر و زەبری ڕم و شمشێر بەسەر کورددا سەپاندووە و بەئیسلامیان کردووە ! ئەمەو بەدەیان و سەدان درۆو بوهتان و چەواشەکاری دیکەیان بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و ئاوەژوو کردنیان بەمەبەستی ناشرین کردن و لەبەرچاوخستنی ئیسلام لەلای نەوەی نوێی کورد و بەلاڕێدا بردنی بە پاڵنەری سیاسی و ڕەگەزپەرستی و ئایدۆلۆژی و . . هتد. تەنانەت هەندێکیشیان چەند پێغەمبەرێکیان کردوون بەکورد ! چ لەوانەی لەقورئاندا ناویان هاتووە و پێغەمبەرایەتیانی سەلماندووە ، چ ئەوانەی هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر پێغەمبەرایەتیان لەقورئان و سوننەتدا بەدیاریکردن لەبەردەستدا نیە ،ئەوەندە نەبێ خودا دەفەرموێ : [ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّـهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ النحل:36 ، واتە: وەسوێند بێ بەخودا کە لەناو هەموو نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە فەرمانیان پێبکات کەخودا (الله) بپەرستن و خۆدووربگرن لە تاغوت . . . وەلەفەرموودەیەکیشدا کە ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی

خوای لێبێت لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە  هاتووە کە : خودا سەد و بیست و چوارهەزار هەواڵدەر و پێغەمبەری ناردووە. کەوابوو دەگونجێت خودا پێغەمبەریشی بۆ کورد ناردبێت ، بەڵام ئایا ئەوە زەردەشت بووە یان کەسێکی دیکەبووە ؟ ئەویش هەر خودا خۆی دەیزانێت ،چونکە بەدیاریکردن ناوی نەهاتووە،گرنگ ئەوەیە ئێمە بڕوامان بەوە هەبێت خودا پێغەمبەری بۆ هەموو نەتەوەیەك ناردووە ،وەئەگەر وادابنێـین زەردەشت یان کەسێکی دیکە پێغەمبەری کورد بوو بێت و ئایینەکەشی ئایینی ئاسمانی بوو بێت ، ئەوە بەئاینی ئیسلام نەسخ بۆتەوە هەر وەك ئایینی یەهودییەت و نەصرانییەت و ئایینەکانی دیکەشی پێ نەسخ بووە تەوە . وەقانیعی شاعیر یەکێکە لەوانەی باوەڕی وایە کەزەردەشت پێغەمبەر بووە و کتێبەکەشی ئاوێستا بووە و دینەکەشی زەردەشتییەت بووە بەڵام بەقورئان نەسخ بووەتەوە وەك ئەوەی لەدیوانی (شاخی هەورامان)دا وتوویەتی:

**تادەوری خۆی بوو وەك باقی دینان**
**بەڵام نەسخ بوو ئەویش بەقورئان**

هەندێك شانازی بەباپیران و حەسەب و نەسەبیەوەدەکات ! **بەڵام شانازیکردن** بەباپیران و حەسەب و نەسەبەوە **لەجاهیلیەتە وەك ئەوەی لە** چەندین **فەرموودەی درووستدا هاتووە** . وە **ئەگەر** وادابنێین **درووست بێ شانازی بە باپیرانەوە بکەین , ئەوە باشانازی بەو باپیرانەوە بکەین کەئەهلی تەوحید و یەکخواپەرستی بوون ، واتە بەتەنها (الله) یان پەرستووە نەك ئەوانەی ئاگر و خۆر و بت و دار و بەرد و مشك ودووپشك و ماریان پەرستووە** .وەهەندێکیش شانازی بەپاشاکانەوە دەکەن**! ئاخر کەی ڕەوایە شانازی بەپاشایەکی وەك (نەمروود) ەوە بکەین ئەگەر کوردیش بووبێت کە ئیددیعای خوایەتی کردووە و پاشایەکی زۆردار و ستەمکاریش بووە ؟! ئەمە نەمروودمان وەك نمونە هێنایەوە ، وەئەگەرنا شانازیکردن بەهیچ پاشایەك و دەسەڵاتدارێکەوە ڕەوا نییە لەشێوەی (نەمروود)**وپاشاکانی دیکە و حەسەب و نەسەبەوە. **هەڵبەت هەندێك نووسەر و مێژوو نووس بە زیندووکردنەوەی ئایینە کۆنەکانی** ئێرانی **و بەکورد کردنی هەندێك لە پاشایان وشێواندنی مێژوو بە  مە بە ست دەیانەوێ کورد و نەوەی نوێ لەئیسلام و لەئوممەتی ئیسلامی دابڕن! بەڕاستی هەڵەو تاوانێکی ئیجگار گەورەیە ، چونکە ئەوە لەبەرژەوەندی دوژمنان و ناحەزانی کورددایە نەك لەبەرژەوەندی کورد.**
**هەڵبەت هەست پێدەکەین کەچەند هەوڵێك لەئارادان بۆ دابڕینی کورد لەئیسلام و ئوممەتی ئیسلامی لەلایەن هەندێکەوە کەچاویان بەڕووناکی ئیسلام هەڵنایەت و ئیسلامیش بەوە تۆمەتباردەکەن**

ڕێگربێت لەبەردەم درووستکردنی دەوڵەتی کوردی دا . بێگومان دەبێ هەموومان ئەوڕاستییە بزانین کەئیسلام ڕیگر نییە لەبەردەم کورددا کەبەخۆی حوکمڕانی خۆی بکات و ئیدارەو کیانی خۆی هەبێت لەژێر سەروەری شەرعدا ، وەك ئەوەی عەرەب و تورك و فارس و هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ئەوەی هەیە ، بەڵام لەئیسلامدا ئەگەر بکرێ ئوممەتی ئیسلامی لەسایەی دەوڵەتێکی ئیسلامی گەورەدا کۆبکرێتەوە واجب وئەرکێکی شەرعییە ، چونکە ئیسلام هاتووە نەتەوەکان کۆبکاتەوە لەژێر سایە و سێبەری دەوڵەتێکدا ، وەئەو دەوڵەتەش لەچەند هەرێمێك یان ویلایەتێك پێك بێت و هەر هەرێم و ویلایەتێکیش والی و سەرکردە ی خۆی لەخۆیان بێت . بۆنمونە ئەگەر کوردستانی گەورە هەرێمێك, یان ویلایەتێك بێت لەدەوڵەتی ئیسلامی گەورەدا ئەواهیچ ڕیگرێك نیە کەوالیەکی کورد حوکمڕانی تێدا بکات . وە لە ئیسلامیشدا کێشە نابێ ئەگەر خەلیفە و ئیمامی موسوڵمانان لەدەوڵەتی ئیسلامیدا عەرەبێك یان تورکێك یان فارسێك یان کوردێك یان هەر کەسێك خەلیفە و ئیمامی موسوڵمانان بێت بەمەرجێك موسوڵمان و ئەهل و شیاو بێت بۆ سەرکردایەتی دەوڵەت و موسوڵمانان بەشەرع و حوکمی خودا. جاوەك ئەوەی باسمان کرد لەدوای تۆفانەکەی (نوح) و کوڕەکانیەوە و دواتریش هەندێك کورد دەبەنەوە سەر عەرەب و هەندێك سەر فارس و هەندێك سەر مادەکان .بێگومان ئەگەر وادابنێـین کورد لەنەوەی مادەکان بێت ئەوا لەکۆندا مادەکانیشیان بەتیرەیەك لەتورك یان سامی نەژاد زانیوە .وەئەگەر کورد لەنەوەی مادەکان بووبن یاخود مادەکان تیرە و تائیفەیەك بووبن لەکورد ،ئەوەگەڕان بەدوای ئەومێژووە و ساخکردنەوەیدا ئەستەمە ، هەر وەك ئەوەی مامۆستا حەسەن مەحمود حەمەکەریم دەڵێت : ( ... گەڕان بەدوای باسێکی ون و لێڵ و تێکەڵەو پەرت پەرت کەسەرەتاڵەکانی ئەوەندە دوور و سەرەداوەکانی هێندەئاڵۆسکابن ،سەرەتای دەکەوێتە سەردەمە کانی دەستپێکی ژیان و پێش مێژوو کەتەنانەت لەنووسراوە بزمارییەکانی سۆمەر و ئەکە د و ئور و ئاشور و فیرعەونەکانیشدا باسیان نەهاتووە ). وەمنیش هەمان ڕاو بۆچوونم هەیە و وایدەبینم ئەستەم بێ بتوانین لەڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد بەتەواوی دڵنیا بین . بەڵام ئەوەی گرنگ بێت بیزانین ئەوەیە کەکورد هەر کورد بووە،جالەکەیەوە کورد بووە ؟ ئەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەڵامی ئەو پرسیارەمان لەشیعرێکیدا لەمشت دەنێت و کورد بوونی کورد دەگێڕێتەوە بۆ پێش ئاگر پەرستی و دەڵێت :

لــە پێش ئاگر پەرستیدا
لــە پێش موسوڵمانێتیدا
لــەدیلی و سەربەستیدا

**هەرکورد بووین و هەر کورد ئەبین ... وەخوداش زاناترە . وەهەروەها ماموستا ئیبراهیم ئەوەشی ڕەد کردۆتەوە کەڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد عەرەب یان ئێرانی یان تورکی شاخستانی بێت لەشیعرەکەیدا ، وەئیسپاتی کوردبوون و کوردستانیبوونی تێداکردووە، وەبەمە ڕەدی کۆچەرییەتی کوردیشی کردۆتەوە کەلەشوێنێکی دیکەوە هاتبێتە کوردستان و کوردستانی کردبێتە نیشتیمانی خۆی .بەڕاستی منیش لەگەڵ ماموستا ئیبراهیم تەواو هاوڕام لەوەدا، چونکە کەشتیەکەی (نوح) سەلامی خوای لێبێت وەك ئەوەی (قورئان) باسی کردووە لەسەر کێوی جوودی نیشتۆتەوە ، وەئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کەبۆجاری دووەم کوردستان بووە بەلانکی دووەمی مرۆڤایەتی و ئاوەدان بووە و خەڵکی لەوێوە کۆچیان کردووە بۆشوێنانی دیکە و بڵاو بوونەتەوە بەسەر زەویدا .وەئەوەندەش بەسە کەبزانین کورد بووین، واتە بزانین خودا بەکورد دروستمانی کردووە ، وەکوردبوونیشمان بەنیشانەیەك لەنیشانەکانی خودا بزانین .جائەگەر کورد لەنەوەی حام ، یان سام ، یان یافیس بێت ، ئەوەگرنگ نیە بەئەندازەی ئەوەی گرنگ بێت بزانین هەر یەك لەو سیانە کوڕانی (نوح) و یەکخواپەرست بوون ،هەروەك ئەوانەشی لەگەڵی بوون لەکەشتییەکەدا بەهۆی یەکخواپەرستیی و بڕوا هێنانیان بە(نوح) ڕزگاریان بوو . هەر بۆیە ئێمەش ڕزگار بوونی هەموو گەل و نەتەوەیەك لەئیسلامدا دەبینین چونکە هەر ئیسلامە ئایینی یەکخواپەرستی و تەوحید کەپێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت بانگەوازیان بۆی کردووە . وەئەگەر بێت و بەڕاستی و دروستی ئیسلام بناسین و دەستی پێوە بگرین ، ئەوارزگار و بەختەوەر دەبین . بۆیە ماڤ خۆیەتی هەموو کوردێك و موسوڵمانێك سەلمان ئاسا تەنها شانازی بەئیسلامەوە بکات و بڵێ : باوکم ئیسلامە و هیچ باوکێکی دیکەم نیە جگە لەو ، کاتێ کەخەڵك شانازی بە (قەیس) و (تەمیم) ەوە دەکات.**

## پوختەی قسە:

پوختەی قسە ئەوەیە کەڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی هەموو نەتەوەکان دەچێتەوە سەر ئادەم و حەوا و هەموو مرۆڤ نەوەی ئادەم و حەوایە و لەوانیشەوە هەموو نەتەوە و تیرە و هۆز و خێڵێك سەرچاوەی گرتووە ، وەهەموو پێغەمبەران سەلامیان لەسەر بێت به (نوح) و کوڕەکانی ورزگاربووانی ناو کەشتیەکەشەوە کەبۆجاری دووەم ژیانی مرۆڤایەتی لەوانەوە دەستی پێکردەوە لەکوردستاندا ، پاشان بڵاو بوونەوە بەزەویدا یەکخواپەرست بوون و ئایینیان یەکخواپەرستی بووە . کەوابوو لادان لەئایینی یەکخواپەرستی بۆ بتپەرستی و ئاگرپەرستی و خۆر پەرستی و ... هتد جارێکی دیکە لەدوای (نوح) و کوڕەکانیەوە و دواتر لەڕۆژگار و مێژوویەکی ون و نادیار لەناوکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەستی پێکردۆتەوە، وەخوداش پێغەمبەرانی یەك لەدوای یەك بۆ ناردوون ، تادوا پێغەمبەری خۆی له مەککەدا بەئایینێکی گشتیی وگشتگیره وه نارد ، وەئەویش ئایینی ئیسلامی پیرۆز بوو ، وەهەموو ئایینەکانی پێش خۆی پیَ نەسخ کردەوە.

م.مصطفي محمد زەڵمی
هــەڵە بجەی شـــەهید